
# جینز
# جێگەی پانتۆڵ و تەنوورەشی گرتۆتەوە!









سالآنێکە وەك مۆدەیەکی سەرەکی دادەنرێ، تەنانەت جۆراوجۆری لە شێوازەکانی وایکردووە کە بۆ کاتی دەوام و شوێنی فەرمیش لەبەر بکرێت. ئەوەی باسی دەکەین جینز ـە، جاران زیاتر باوی تەنوورە و پانتۆڵی قوماش بوو، جینزەکانی پێشوو تەنیا لە ڕەنگی شین بوون، بەڵام دوای دەرچوونی پۆلێك لە جینزی جیاواز و هەمە چەشن، کە مۆدی تەنوورە و پانتۆڵەکانیشی لەخۆ گرتبوو، بەم جۆرە توانی بەسەر هەردوو مۆدە کێبڕکێکەی دیکەی زاڵ بێت و ببێتە خۆشەویست و باو لای زۆربەی کچان و خانمان.

مۆدی جاران زیاتر جینزی کراوە و فراوان بوو، ئەوانەی ئێستا زیاتر لە شێوەی بەدی و جەستەگر و تەسکن، جگە لەوەش ماددەی لاستیك و مەتات دەخرێتە ناو پێکهاتەکەیەوە، بۆیە لەبەرکردنیشی خۆش و فەڕاحە، لە شێوە و ڕەواڵەتیشدا، ئەوەی ئێستا باون، بە نەخشی جۆراوجۆر ناسراون، لەوانە : بوونی نەخشی ڕەنگ لەسەر بەشی پێشەوەی پانتۆڵە جینزەکە، کە بە لیزەر ناسراوە، یان ئەوانەی سادەن و بێ نەخشن، تەنیا لە جینز دروست کراوە، وێڕای جۆراوجۆری لە ڕەنگی ئەو جینزانە، کە هەندێکیان لە شێوەی پانتۆڵە قوماشن، هەروەها لەسەر شێوەی تەنوورەش دروست کراون، کە خانمان دەتوانن جینز وەك خۆی و لە شێوەی پانتۆڵی قوماش و تەنوورەش لەبەر بکەن، ڕێنماییەکی تازەی پسپۆران بۆ جینز ئەوەیە، کە بەبێ پشتێن لەبەر بکرێت، تا نەخش و شێوازی ڕاستەقینەی خۆی بە ڕێکی و تەواوی دەربکات.

# پێچەی ئێکسسوار لەگەڵ کەرەستەکاندا

جاران، پێچە و ڕەفتەی بچووکیان وەك ملپێچ و قردێلەی پرچ بەکاردەهێنا، کە بریتییە لە پارچە قوماشێك، لەسەر سـەر و لە مل دەکران، یان ئەوەتا پرچی پێی دەبەسـترا، هەروەها هەندێ جاریش لە دەست دەئاڵێنران و وەك مۆدێکی سەرنجڕاکێش دەبوو، ئەو پێچەیە زیاتر ڕەنگاو ڕەنگ و نەرم بوون، ماوەیەکیش لەلایەن خانمانەوە جامانەیان بەکاردەهێنا وەك ملپێچ، گرنگ ئەوەیە بە کەرەسـتەیەکی سادە و بچووك، بتوانی هەنگاوێکی جوانی دەستەبەر بکەی، چونکە هەر شـێوازێك لەو هەنگاوانە هۆکارێکە تا شۆخ و شەنگت بکات، ئێستا مۆدی تازەی پێچە جیاوازە لە شێوازەکانی پێشـوودا، کە زیاتر لەگەڵ ئێکسسـوارەکاندا بەکاردەهێنرێن، وەك : دەخرێتە نێوان بازن و دەسـتبەند و ملوانکە، تا زیاتر لەگەڵ ئەو ئێکسسـوارانە جوانتر و بەرچاوتر بن، لە تازەترین بەکارهێنانی پێچەدا، لەگەڵ جانتای دەسـت دادەنرێ، کە دەبێتە بەشـێکی سـەرەکی لەگەڵ ئەو کەرەسـتەیدا، بە تایبەت کاتێك لەگەڵ دەسکە قایشی جانتا دەبەسـترێت، بەهۆی ئەوەی جانتای دەسـت زیاتر لە ڕەنگێکە، بەستنی ئەو پێچە ڕەنگاورەنگە، جانتاکەش جوانتر و ڕازاوەتر دەکات، بۆیە توانیویانە سـوود لەو پێچە ناسـکە وەربگرن لەگەڵ ئێکسسوارەکاندا.









## بارکلێتی ناسک
## لە مەچەک و دەستت بکە

کچان کاتێك دەچنە دووکانەکانی کەل و پەل و کەرەستە و ئێکسسواری ئافرەتان، چاویان ئەوەندە گەش دەبێتەوە و دەکرێتەوە، دوودڵ و سـەرلێ شـێواو دەبن لەوەی چ ئێکسسـوارێك بۆ خۆیان هەڵبژێرن، تا لە دەست و مەچـەك و گـەردن و مل و بەرۆکیان بە بریق و باقەوە بگەشـێتەوە. تۆی خانمیش واباشـترە بەر لەوەی کەرەستەیەك بکڕی، سـەرەتا ئێکسسوارەکە لە شـێوە و نەخشـدا دیاری بکەیت، بزانە چیت دەوێت و پاشان کە گەیشتیتە ئەو شـوێنە، چاوت لەو کەرەسـتانە بێت کە خۆت مەبەستتە. بارکلێت و دەستبەند و بازن، کۆمەڵێك ئێکسسـواری لە دەست دەکرێن، شـێوەیان ناسك و سەرنجڕاکێشە، هەیانە باریك و وردن، هەروەها بەشێکی دیکەی گەورە و درشتن، ماوە ماوەش بەپێی وەرزەکان، شێوەی ئێکسسوارەکان گۆڕانکارییان لە مۆد و شێوازەکەیاندا بەسەردا دێ.
ئەو ئێکسسوارانەی لە وەرزی هاوین و پاییزدا باو دەبێ، زیاتر گەورە و درشتن، پڕن لە نەخشـی جۆراوجۆر، تا ناسکی و نەرمی دەستەکان دەربخەن و دیار بن، ئەوانە کۆمەڵێك بارکلێتی جۆراوجۆرن، وەك دەسـتبەند و بازن لە دەسـت دەکرێن، دەتوانی بۆ ڕەنگی ئەو بارکلێتانە، ئەو ڕەنگانە هەڵبژێری کە لەگەڵ پێستت دەگونجێ، یان دەتوانی لەگەڵ ڕەنگی جل و ماکیاژ و پرچت هاوڕەنگیان بکەیت.

## وەزیرە ئافرەتە لێهاتووەکان


ئەگەر چی ڕێژەی بەشداری ئافرەتان لە پیشەی فەرمی و سیاسەتدا کەمە لە بەرانبەر پیاواندا، بەڵام زۆر خانمیش هەن کە جێی دەست و کارەکانیان دیارن و توانیویانە لە ئەرکەکانیان لێهاتوو بن و هاوشێوەی پیاوان ڕۆڵی خۆیان بگێرن، بەتایبەت لە پێگە بەرز و باڵاکانی ئەرك و دەسەڵاتدا، کە نموونەی بەرچاویان ئەنجێلا مێرکلی ڕاوێژکاری ئەڵمانیایە، هەروەها ئەو چەندین بەرپرسی باڵا و لێهاتوو لە کابینەکانی حکومەتی کوردستان و وڵاتان هەن، وێڕای ئەوەی کە لێهاتوو و کارامەن لە کارەکانیان، هەروەها زۆربەیان شۆخ و شەنگن لە جوانیدا، لە ماوەی ئەرکەکانیشیاندا سەرکەوتووانە کارەکانیان بەڕێوەبردووە. لە کوردستان خاتوو (چنار سەعد عەبدوڵا) وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان، (ئاسۆس نەجیب) وەزیری کار و کاروباری





## سەما و فیستیڤاڵی سەر ئاگر!

فیستیڤاڵی ئاگر، یەکێکە لە نەریتە سەیرەکانی کۆمەڵێك وڵاتانی جیهان، کە ساڵانە ئەو کارە دەکەن و لەبەر خۆشەویستییان بۆ ئاگر، خۆیان دەخەنە سەر ئاگر، وەك نمایشێك و هەروەها وەك نەریتێکی خۆیان. لە نمایشی ئاگردا کە هەموو ساڵێك لە وڵاتی بولگاریا ئەنجام دەدرێ، فیستیڤاڵێکە بە ناوی (نیستینارستڤۆیە)، ماناکەشی واتە (سەما کردن لەسەر ئاگردا)، ئەو هۆزەی ئەو کارە دەکەن، ناویان (تراسیانس)ـە و ئەو دیاردەیەش بۆ سەدەکانی پێشوو دەگەڕێتەوە، ئێستا ئەو فیستیڤاڵە لە زنجیرە چیای (ستراندزەها لە بولگاریا) ئەنجام دەدرێ، کە بە هەموو جۆرێك لەو فیستیڤاڵەدا ئاگر دەکرێتەوە و تەنانەت بەسەر ئاگریشدا دەڕۆن و سەما دەکەن، بەهۆی ئەوەی لە نمایشەکانیان لێهاتوون و ماوە ماوە ئەنجامی دەدەن، تەنانەت لە کاتی نمایش و سەمای سەر ئاگریشدا زیانیان پێناگات و هیچ شوێنێکیان ناسووتێت، ئەو نمایشە لە دوای خۆرئاوابوون ئەنجام دەدرێ، کە زۆربەی خەڵکی ئەو شوێنە کۆ دەبنەوە و بەشدار دەبن، ژمارەی ئەو هۆزەی ئەو کارە دەکەن دەگاتە نزیکەی (١٠٠٠) کەس، لە زۆربەی وڵاتانی دیکەشدا گەشتیاران و خەڵك ئامادەی فیتسڤاڵەکە دەبن.

## ـــــانی کوردستان و جیهان

کۆمەڵایەتی، (نەورۆز مەولود) وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار، لە وەزیرانی کابینەکانی حکومەتی کوردستان بوون. هەروەها لە وڵاتانی جیهانیش پۆلێك ئافرەتی شۆخ و شەنگ توانیویانە پۆستی باڵا وەربگرن وەك: ئۆرسۆلا فۆندیر دێر- وەزیری بەرگری ئەڵمانیا، هادیە تاجیك – وەزیری رۆشنبیری نەرویژ، کارمن کاتی- وەزیری بەرگری سوید، ئاربینە هۆفنهایم – وەزیری دادی ئەرمینیا، نەجات بلقاسم – وەزیری ئافرەتانی دادی فەڕەنسا، کارمن تشاکۆن – وەزیری بەرگری ئیسپانیا، عایدە هاردلیك – وەزیری خوێندنی سوید، سیسیل دیڤلۆ – وەزیری نیشتەجێ فەڕەنسا، ئیکولێل ئۆزکان – وەزیری کۆمەڵایەتی و کاری ئەڵمانیا، رەشدیە داتی- وەزیری کاری فەڕەنسا.







## وێنەکێشان بە فرمێسک رێژەی چاو!

ئەوانەی فرمێسك دەرێژن، بێگومان فرمێسکەکانیان بە نرخە و لە خۆڕا نییە دێتە خوارەوە، هەر دڵۆپە فرمێسکێك جێگەی بایەخە، بەڵام وادیارە فرمێسکە رژێنەکەی ئەو گەنجە ئەرژنتینییە وای کردووە کە خاوەنەکەی بکاتە هونەرمەند و وێنەکێشێکی بەناوبانگ، چونکە هەموو وێنەکێشەکان فڵچە بەکاردەهێنن بۆ دانانی بۆیە لەسەر تابلۆ و وێنەکێشان، کەچی ئەو وێنەکێشە فرمێسك رژێنەکانی بەکاردەهێنێت لە جیاتی فڵچە و قەڵەم. ئەو گەنجە ناوی (لیۆناردۆ گرانتۆ)یە، کە لە منداڵییەوە ئەو بەهرەیەی هەبووە، کە هەندێ ئاو بخاتە ناو چاوەکانی و دواتریش بە پاڵدانی چیوی چاوی، ئاوەکە لەناو چاوی دێتە دەرەوە، ئێستاش سوودی لەو بەهرەیەی وەرگرتووە بۆ وێنەکێشان، کە بۆیەی وێنەکێشان دەخاتە ناو چاوەکانی و دواتریش فرێی دەداتە سەر تابلۆی وێنەکێشان، تا ئێستا چەندین وێنە و تابلۆی لەم جۆرەی کێشاوە، کە بە نرخێکی زۆریش فرۆشتوویەتی، کە گەیشتۆتە (١٥٠٠) یۆرۆ، ئەو گەنجە تەمەنی (٢٧) ساڵە لە شاری بۆینس ئایرسی ئەرژەنتینی دەژی و بە چاوەکانی بۆتە وێنەکێشێکی بەناوبانگ.





# نمایشکارە پیرەکە!



مەرجێکی سەرەکی هەیە، بۆ ئەوانەی دەبن بە نمایشکاری جل و بەرگ، کە نابێ تەمەنیان لە (٣٠) ساڵ زیاتر بێت و هەروەها دەبێ جوان و شۆخ بن، بەڵام ئەو ئافرەتە، پێچەوانەی هەموو مەرجەکانی نمایشکاری وەستاوە و خۆی بە نمایشکار داناوە، ئەو ئافرەتە ناوی (یاسمینا ڕۆس)ە، کە ئەوەندە خۆی جوان دەکات و گرنگی بە خۆی دەدات، وەك ئەوەی کچێکی (٢٠) ساڵان بێت، ئەو نمایشکارە پیرە تەمەنی (٥٩) ساڵە، تەمەنی دوو ئەوەندی نمایشکارێکی ئاساییە، لە بارەی جوانی جەستە و خۆیەوە دەڵێ :


هەفتانە بە ڕۆنی زەیتوون خۆم دەشۆم و مەساج دەکەم، هەروەها خواردنیشم ماسی و ئۆفۆکادۆ و گۆشتە، بۆیە ئەوەندە شۆخ و شەنگم !



## کاریکاتێر

- لەم کاریکاتێرە دەردەکەوێ، کە کەسانێکی زۆر هەن، ڕێگەی بە ماندووبوونیان ناوێت، چونکە دەیانەوێ ڕێگەی ئاسان بگرنە بەر، لە کاتێکدا ڕێگە ئاسانەکان، هەردەم تووشی ئاستەنگ و گرێ و ناخۆشی دەبیتەوە !

## پەند و وتە



**- مارتن لۆسەر کینگ، دەربارەی زاڵبوونی کەسانێك بەسەر کەسانی دیکەدا دەڵێ :**

کەس ناتوانێ لە خۆیەوە بە سەر پشتت بکەوێ، تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە خۆت ڕەزامەند بیت و خۆت داچەمێنیتەوە، چونکە گەر خۆت ڕێگە نەدەیت، بە ئاسانی ناتوانن سەر پشتت بکەون و بەسەرتدا زاڵ بن.




### کاور ٣/٢١ - ٤/١٩

لە هەنگاوەکانی ژیانت بیر و بۆچوونی خۆت هەبێ و شایستەی کەسایەتیت بەرز بێت. هەندێ لە کارەکانت بێزارت دەکەن، لە بواری سۆزدارییەوە ئەوەندە کاتت بەفیرۆ مەدە، چونکە کات لەبەرژەوەندی تۆدا نییە، بۆیە هەوڵبدە بەبێ پیچ ء پەنا هەستی خۆت بۆ ئەو کەسە دەرببڕیت کە دەمێکە دڵی لێ سەندووی.




### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

هەندێك لەو پەیامانەی بۆ ئەو کەسە دەنێریت بە هەڵە لێت تێدەگات، ئارام بگرە و دڵت گەورە بێت، ماوەیەکی دیکە کارەکەت بە سەرکەوتنی بۆت دەبێت، لە بواری سۆزدارییەوە هەوڵبدە ئەوەندە هەستی دۆستەکەت بریندار نەکەی، ئەگینا بە یەکجاری لیت دەتۆرێت و لەدەستت دەچێت، لە بواری کاریشدا پێویستە زیاتر خۆت هیلاك بکەیت.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هەندێ لە بڕیارەکانت جێگەی نیگەرانیت دەبن، بەڵام بۆ ئەوەی بگەیت بە ئەنجامەکانت، کاری ئێستات فەرامۆش مەکە و زوو جێبەجێیان بکە، ئەمڕۆ گوێبیستی هەواڵێکی هەڵبەستراو دەبیت ء کاریگەرییەکی خراپ لە سەر باری دەروونیت جیدەهێڵێت، هەروەها پێویستە خۆت لە دەمەقاڵێ لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت بپارێزی.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

کاتێك دەتەوێت کارێك ئەنجام بدەیت، بەڵام دواتر کێشەت بۆت دروست دەبێت، واز لە کارەکەت مەهێنە و بەردەوام بە. ڕاستییەك بێئومێد و بێ وورەت دەکات، بەڵام ڕۆژانی داهاتوو لەگەڵی ڕادێیت و خۆشحاڵ دەبی، بۆیە بە زیرەکیو پشووفراوانی هەڵسوکەوت بکە با دوایی پەشیمان نەبیتەوە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

بە هەست و دڵەوە کار مەکە، بەڵکو بە عەقل و بیرکردنەوە هەنگاو بنێ، ساتە بەختێکی باش چاوەڕێتە و کەسێکیش نیازی وایە لێت نزیك ببێتەوە، میزاجت باشتر دەبێت و لەوانەیە دیدارێکی گرنگ ساز بدەیت، یان بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدەیت، بەڵام پێوەندیی نهێنیت بۆ دەوروبەرت ئاشکرا مەکە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ماوەیەکە متمانەت بە خۆتە و ڕێگەی کەسانی دیکە نادەیت بێنە ناو کارەکانت، بەڵامهەندێك جار پێویستە و دەبێ ڕاوێژ بکەیت. هەست بە چوست و چالاکی دەکەیت، بەڵام نەکەی بێ بیرکردنەوەیەکی باش هیچ کارێکی گرنگ ئەنجام بدەیت، ئارام و هێمن بە، چونکە لەوانەیە ڕووبەڕووی کەسێکی خراپ ببیتەوە.



# پێڵاوی نووک درێژ و نووک باریک

مەکسیک بە کڵاو و شەبقەی گەورە بەناوبانگن، کە زۆربەیان کڵاوی گەورە لەسەر دەنێن، جگە لەوەش حەزیان بە پێڵاوی نـووک درێژ و نووک بەرزە، کە جـۆرە پێڵاوێکە نووکەکەی بەرەو سەرەوە دەچێ، درێژی نووکی ئەو پێڵاوە لە نێوان (نیو تا ٢) مەتر دەبێت، کە سـەرەتا لەلایەن تیپێکی میوزیکی ئەو وڵاتە بە ناوی (تریبال گوارشیرۆ) بەکارهێنراوە، ئێستا ئەو جۆرە پێـڵاوە لە باکووری مەکسـیک بەناوبانگە و بە جوانترین مۆدە پێڵاو دادەنرێـن لەلایەن خۆیانەوە، زۆربەی گەنجەکانیشـیان بەم پێڵاوە نووک درێژە لە بازاڕ و شـوێنە گشتییەکاندا دەبینرێن.




## تابلۆ

**- کرێکارانی دارتاش**

شـاکارێکی جوان و پەند ئامێزی گەورە وێنەکێشی فەرەنسی (گۆستاف کاییبۆت)ە، کە لە سـاڵی (١٨٤٨) لە دایك بووە، وێڕای ئەوەی کە ماوەیەکی کەم دەستی بە وێنەکێشان کرد، بەڵام لە بەرهەمەکانیدا جوانی دابەشـکردنی ڕەنگەکان و بیرۆکەی تابلۆکانی زیاتر لە ڕاستەقینە دەچێ، بەتایبەت ئەو تابلۆیانەی کە گوزارشت لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سرووشتی ژیان دەکات، ئەو وێنەیە بە ناوی (کرێکارانی دار تاش و دار ڕەنین)ە، لە سـاڵی (١٨٧٥) وێنەکەی کێشـاوە، کە لە وێنەکەدا، سێ کەسەکە بە جلێکی نیمچە ڕووتەوەن، وەك مانایەك بۆ پاڵەوانی و ئازایەتی و بەهێزیان، ئەو وێنەکێشە لە ساڵی (١٨٩٤) کۆچی دوایی کردووە.

## فێڵکاری



- لەم وێنەیەدا دوو کەس لە سەرەوەی خانووێکـەوە کار دەکەن، یەکێکیش لە خوارەوە قسەیان لەگەڵ دەکات، ئەگەر سەیری خوارەوە بکەی وادەزانی وێنەکە لە سەرەوە گیراوە، ئەگەریش سەیری سـەرەوە بکەیت وا دەزانی وێنەکە لە خوارەوە گیـراوە، هەوڵـدە بزانە ئەو وێنەیە چۆن کێشراوە !




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

بیر لە داهاتووت بکەوە و مەهێڵە کاتی ئێستات بە فیڕۆ بڕوات. ماوەیەکە دوودڵی لە بڕیاردان و کارکردن. متمانەت بە خۆت بێت. پڕۆژەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتیت چاوەڕێی ئامادەکردنە جێبەجێکردنە، هەوڵبدە بارودۆخێکی گونجاوی بۆ بڕەخسێنیت، تاوەکو بتوانیت سەرکەوتنی تێدا بەدەست بهێنیت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

ئەوەی لە دڵتە و لە مێشکتە، پێویستە جێبەجێیان بکەیت، داهاتووت بەندە بە ئێستاوە، کارێك مەکە لێی پەشیمان بیتەوە، هیچ بەڵێنێك مەدە کە گومانت هەبێت لە جێبەجێکردنی. بەهۆی بارودۆخی ناجێگیر و نالەبار و ئەو گۆڕانکارییانەی لەم ماوەیەدا ڕوودەدەن، ڕووبەڕووی کێشەت دەکەنەوە، بەڵام توانای زۆرت بۆ چارەسەرکردنی هەیە.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

مەهێڵە کەسێکی نەناسراو بەشداری کارەکانت بکات، بەڵکو ڕێگە بەو کەسانە بدە کە دڵسۆز و نزیکی خۆتن. بە هۆی سەرکەوتنە بەردەوامەکانت لە کارەکەتدا ڕووبەڕووی چەند ناحەزێك دەبیتەوە کە چاویان بە سەرکەوتنەکانت هەڵنایەت، واباشترە بێدەنگی هەڵبژێری، چونکە بەرپرسەکانت لە ڕاستیی تۆ تێدەگەن.




**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ئەو ماوەیە سەرکەوتنێکی باش بە دەست دەهێنیت، لەگەڵ کەسێکی نزیکت کێشە و گرفتت هەیە، بەڵام چارەسەر دەبێ. زۆر بە پەرۆشەوە کاردەکەیت و لەهەر کاتێك زیاتر ئارەزووی کۆکردنەوەی پارە دەکەیت، لەوانەیە پارەیەکی چاکیش بەدەست بهێنیت. بەهۆی ئەو کارانەی کە دەیکەیت، ئەنجامی باشت دەبێت.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

کێشە و گرفتەکانت مـەخـەرە ئەستۆی کەسانی دیکەوە. هەمیشە بیر لە داهاتووت بکەرەوە و ژیرانە بڕیار بدە، ئەم ماوەیە بە کێشەیەك سەرقاڵ دەبیت کە ڕەنـگە ببیتە هـۆی ئـەوەی زۆر لـە هـاوڕێ و خۆشەویستەکانت لەبیر بکەیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش کاری خۆت فەرامۆش مەکە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

هەندێ لە کارەکانت خەریکە تووشی بێ ئومێدیت دەکات، بەڵام نابێ لە کارەکانت پاشگەز بیتەوە و بەڵکو بەردەوام بە، ئەم ماوەیە بەهۆی سەرکەوتنەکانت خەریکە لەخۆبایی دەبیت و ئەو کەسانە لەبیر دەکەیت کە هاوکارییان کردوویت لە بەدەست هێنانی سەرکەوتنەکانت. کەمێك ویژدانت ئاسوودە بکە و دڵت گەورە بێت.